National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

## ڕاپۆرتێك لەبارەی

# زیادەڕۆیی لە سنوری شارەوانیەکان

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

2021-3-1

## پێشەکی:

زیادەڕەوی یەکێکە لە کێشە دیارەکانی بواری خزمەتگوزارییە فەرمییەکان لە گەرمیان، بەشێوەیەک کە چەندین کاریگەریی خراپ و سلبی لەسەر کۆی خزمەتگوزارییەکان و نەخشەی بنەڕەتی شارەکان دروستکردوە.
کێشەی زیادەڕەوی لە ناوچەکە بە ئاستێکە کە چەندین گەڕەک بە زیادەڕەوی دروستکراون.
لەبەرامبەردا زۆر پرس و بابەتی پەیوەست بە زیادەڕەوەییەوە هەیە کە بونەتە جێی مشتومڕ و قسە، ئەمەش هاوشان بە هەندێک هەنگاوی حکومەت کە لەمڕووەوە ناویەتی.
زیادەڕەویی زۆر بەش و جۆری هەیە، ئەوەی ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا بە وردی لەسەری دەوەستین زیادەڕەوییە لەسەر زەوی شارەوانی، تیایدا لایەنە جیاوازەکانی ئەم پرسە خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: ڕاپۆرت

### ١. قەبارەی کێشەی زیادەڕەوەیی

بەپێ ئامارەکانی شارەوانیەکان لە گەرمیان، بۆ ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١، ژمارەی گەڕەکی زیادەڕەوی لە شارەوانیەکانی گەرمیان بەمجۆریە:

| ژ | شارەکان | گەڕەک | گەڕەک بە تەجاوز |
|---|---|---|---|
| 1 | قەزای کەلار | ٣٢ | ١٠ |
| 2 | قەزای کفری | ١٥ | ٢ |
| 3 | ناحیەی ڕزگاری | ١٣ | ـــــــ |
| 4 | ناحیەی باوەنور | ٧ | ٧ |
| 5 | ناحیەی سەرقەڵا | ٥ | ـــــــ |
| 6 | ناحیەی ساڵح ئاغا | ٣ | ٣ |

### ٢. مێژوی زیادەڕەویی لە گەرمیان

بەشێکی زۆری هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن کە ئەو زیادەڕەویانەی کە لە گەرمیان کراوە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕژێمی بەعس و پێشتریش بە تایبەت لە ناحیەکاندا، لەگەڵ ئەوەش دا ئەو پرسە تاوەکو ئێستا بەردەوامی هەیە.
ئارام جەبار، هاوڵاتی لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: «لە ناحیەی باوەنور هاوڵاتی کەمدەرامەت و دەسەڵاتداریش وەک یەک دەستدرێژیان کردوەتە سەر موڵکی گشتی و زیادەڕەویەکی زۆر لە نێو ناحیەکە هەیە و بەردەوامیشن، ئەو زەویانەی کە زیاددڕەوییان کراوەتە سەر موڵکی شارەوانیە».
وتیشی: تەجاوزاتەکانیش بەشێکی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکردوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥وە ئەم ڕێژەیە زۆر زیادی کردوە و تاوەکو ئێستاش ساڵ بە ساڵ ڕێژەکەی دەگۆڕێت.
لە هەمان کاتدا، غەریب محەمەد ڕەشید، هاوڵاتی لە ناحیەی سەرقەڵا، باس لەوە دەکات: ناحیەی سەرقەڵا کە لە ساڵانی چلەکان بوە بە ناحیە لە کۆنەوە سەرەتا ٥٠ ماڵ بوین ئێستاش بوین بە ٩٥٠ ماڵ، لە ئێستاشدا تەنها ١٥٠ی تاپۆ کراوە، ئەوەی ماوەتەوە بە زیادەڕەوی دروست کراوە و هەموشی یەکەی نیشتەجێبونە.
پرسی زیادەڕەوی کردنە سەر موڵکی شارەوانی لە شوێنێکی گەرمیان بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە، بە جۆرێک تا ساڵی ٢٠١٠ لە ناحیەی ڕزگاری زیادەڕەوەی کردن بەردەوامی هەبوە بە ئێستاشەوە.
بەمۆ ئیبراهیم، هاوڵاتی لە ناحیەی ڕزگاری، وتی: «زیادەڕەوی لە نێو ناحیەی ڕزگاری لە چاو ناوچەکانی تری گەرمیان و کوردستان کەمە، ئەوەشی کە کراوە لە ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٠ ئەگەڕێتەوە».
بەپێی زانیارییەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لە قەزای کفری ماوەیەکی زۆر نیە زیادەڕەوی دەکرێت و نوێیە، لە کاتێکدا لە ساڵانی هەشتاکان دا وەک «پاکترین» قەزا دیاری کراوە لە پارێزگای دیالە کە زیادەڕەوی تێدا نەبوە.
هیوا محەمەد، هاوڵاتی لە قەزای کفری، باس لەوە دەکات: «قەزای کفری جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی تری گەرمیان لە ڕوی زیادەڕەوییەوە، چونکە ڕێژەکە زۆر نیە، ئەوەی هەیە لە گەڕەکی ئیمام محەمەد و دەوروبەری بەنداوی باوەشاسوار کراوە، لەگەڵ ئەوەش لە نێو گەڕەکەکان دوکان دروست کراوە و سەر شۆشتەی شەقامەکانی گرتوە، سەرباری دروستکردنی چەندین باخچە کە ڕێگرە لە دروستکردنی جادەی دو ساید».
دەشڵێت: یەک دو شوێنمان هەیە نزیک بە ناوچەی پیشەسازی لە کفری کە خۆی دانرابو بۆ پێشانگای ئۆتۆمبێل، کەچی کراوە بە خانو تاپۆ کراوە هی هاوڵاتی ئاسایش نیە، بەڵکو هی بەرپرسە.

## ٣. کڕین و فرۆشتن بەو یەکە نیشتەجێبوانەوە دەکرێت کە بە زیادەڕەوی دروست کراون

لە نێو ناحیەکان و قەزاکان ئەو گەڕەکانەی کە بە تەجاوز دروست کراون کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ گرێبەستێک ئەنجام بدرێت.

ئارام جەبار، هاوڵاتی لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: لە نێو ناحیەی باوەنور ئەو خانوانەی کە بە تەجاوز دروست کراون کڕین و فرۆشتنی پێوە ئەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ گرێبەستێک هەبێت لە نێوانیان، تاوەکو ئێستاش کەس توشی گرفت نەبوە.

بە پێچەوانەی ناحیەی باوەنور لە ناحیەی رزگاری پرۆسەی تاپۆکردن هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی سست بەڕێوە دەچێت.

بەمۆ ئیبراهیم، هاوڵاتی لە ناحیەی رزگاری، وتی: «کڕین و فرۆشتن هەیە لە ناحیەی رزگاری بۆ ئەو خانوانەی کە تاپۆ نین و ڕێگەپێدانی شارەوانی بۆ دەکرێت، لە نێو نوسینگەکانی کڕین و فرۆشتن گرێبەستێک دەکرێت لە نێوان هاوڵاتیان، بەدەر لەمە شتێکی دیکە نیە».

وتیشی: «بڕیاری تاپۆکردن هەبوە بەردەوام هاوڵاتیان مامەڵەی تاپۆی خانو زەویەکانیان دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سست بەڕێوە دەچێت».

## ٤. بەشێک لە ناحیەکانی گەرمیان بێ تاپۆن

ناحیەکانی سنوری گەرمیان زۆرینەی بە زیادەڕەوی دروست کراون، تاوەکو ئێستا پرۆسەی تاپۆکردن نەیگرتونەتەوە ئەگەرچی حکومەتی هەرێم لە ئێستادا یاسایەکی تایبەتی بەو پرسە جێبەجێ کردوە بۆ تاپۆکردنی ئەو گەڕەکانەی کە لە سنوری شارەوانیەکان دان.

غەریب محەمەد رەشید، هاوڵاتی لە ناحیەی سەرقەڵا، باس لەوە دەکات: «لە ناحیەی سەرقەڵا تەنها ١٥٠ خانوی تاپۆ کراوە و رونیش نیە کەی تاپۆ دەکرێت، چونکە هەر جارە و شتێک ئەڵێن و ئەڵێن مامەڵەکانمان ناردوە بۆ ئەوەی وەڵاممان بدەنەوە».

بە هەمان شێوە، ئارام جەبار، هاوڵاتی لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: «تاوەکو ئێستا لە ناحیەی باوەنور هیچ شوێنێکی تاپۆ نەکراوە، بەرپرسانیش چەندین جار بەڵێنیان داوە کە تاپۆ بکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە و ناشزانم هۆکارەکەی چیە، بەم پێیەش بێت هەموی تەجاوزە».

بە پێچەوانەوە، کەمال عەلی سابیر، بەڕێوبەری ناحیەی ساڵەح ئاغا، وتی: «ئێمە تاپۆ نامانگرێتەوە، چونکە زەویەکانمان سەربە پارێزگای دیالەیە، بەڵام لە روی ئیداریەوە سەر بە ئیدارەی گەرمیانین، هەروەک ئێمە نەخشەمان نەبوە وا تازە نەخشەکەی گەشتوەتە قۆناغی کۆتایی و چاوەڕوانین تەواو ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە روی ئیداریەوە دەتوانین ئیجرائات بکەین».

هاوکات، بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، باسی لەوە کرد: «گەورەترین گرفتمان ناحیەی ساڵەح ئاغایە، چونکە زەویەکانیان سەر بە پارێزگای دیالەیە، بە پێچەوانەی سەرۆک شارەوانی ساڵەح ئاغاوە شارەوانی گەرمیان دەڵێت ناتوانین ئیجرائات کەین».

وتیشی: بەڵام بۆ ناحیەکانی دیکە لە قۆناغی ڕێکخستنەوەی گەڕەک و ناحیەکانین بە پێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٩ دەست بە تاپۆکردن دەکرێت تێیاندا.

بە پێچەوانەی ناحیەکانی دیکەی گەرمیان، ناحیەی رزگاری کەمترین زیادەڕەوی تێدا کراوە لە چاو ژمارەی دانیشتوانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی تاپۆی هەیە.

ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری، باس لەوە دەکات: «ئەوەی پێویست بێت وەک شارەوانی ناحیەی رزگاری لەلایەن لیژنەکەمانەوە کراوە بۆ رایکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان کە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٩ ئەیگرێتەوە بۆ تاپۆکردن زیادەڕەویەکانیان، بەڵام ئەوەی پێمان راگەیەندراوە لەلایە بەڕێوبەرایەتی تاپۆی گەرمیانەوە دەڵێن تاپۆ ناکرێت ئەو ماڵانە، چونکە ناحیەکە کاتی خۆی مەلەفی تاپۆی سوتێنراوە».

## ٥. لە پرسی زیادەڕوی جیاوازی دەکرێت لە نێو هاوڵاتیان

هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن لە زیادەڕەوی کردندا جیاوازی دەکرێت لە نێوان هاوڵاتیان و بەرپرساندا بۆ ئەنجامدانی زیادەڕەوی، بە جۆرێک تەنها هاوڵاتیانی کەمدەرامەت روبەروی یاسا دەکرێنەوە، بەرپرسانی شارەوانیەکانیش ئەوە رەت دەکەنەوە.

ئارام جەبار، هاوڵاتی لە ناحیەی باوەنور، باس لەوە دەکات: «جیاوازیەکان لە روی تەجاوزاتەوە رونە و دیارە».

لە هەمان کاتدا، بەمۆ ئیبراهیم، هاوڵاتی لە ناحیەی رزگاری، وتی: بێگومان جیاوازی دەکرێت لە نێوان هاوڵاتیان بە جۆرێک سەدان پارچە زەوی هەن کە کراونەتە خانو و هیچ مۆڵەتێکی یاساییان نییە.

وتیشی: «بەشێکی زۆری ئەوانەی زیادەڕەوییان کردوە خەڵکانێکی هەژارن، هەرچەندە کاتێک ئەمە کراوە حکومەت بەم جۆرەی ئێستا نەبوە و یاسای ڕێگری کردنیش نەبوە.

لەبەرامبەردا سەرۆکی شارەوانی رزگاری رەدی دەکاتەوە کە جیاوازیان کردبێت.

«بەڵێ جیاوازی زۆر دەکرێت لە نێوان هاوڵاتیانی ئاسایی و دەسەڵاتداران، بە جۆرێکە شوێنی وامان هەیە لە کفری ڕێگەیان نەداوە بکرێت بە دوکان بە پاساوی ئەوەی شوێنی ئەوە نیە، کەچی بە پێش چاوی هاوڵاتیانەوە دیزاینی بۆ کرا و کراوە بە دوکان، کەچی کەسێک نیە بپرسێتەوە، زیاتریش کۆتای هەفتەکان ئەوە دەکەن». هیوا محەمەد، هاوڵاتی لە قەزای کفری وای وت.

لە بەرامبەردا، قادر فاتیح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری، دەڵێت: «هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان هاوڵاتیان لەسەر پرسی زیادەڕەوی و نەمان کردوە ئەوەی کە دەوترێت، بە جۆرێک کە بەرپرسی وا هەبوە لە قەزاکە ماوەی دو رۆژدا زیادەڕەوی کردوە و روخاندومانە، خۆشم لەگەڵ لیژنەکەدا بوم».

«لە روی ئیجرائاتەوە جیاوازیەک نەکراوە لە نێوان هاوڵاتیاندا، بەڵکو یاسا جێبەجێ دەکرێت کە ئەویش یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨یە کە هەر هاوڵاتیەک زیادەڕەوی ئەنجام بدات ئەوە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن تەواوی شارەوانیەکانەوە لە گەرمیان». بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان وای وت.

قادر فاتیح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری، دەڵێت: «شتی وانیە کە لەنێو قەزای کفری زیادەڕەوی کرابێتە سەر موڵکی گشتی و داگیرکرابێت».

## ٦. زیادەڕەوی کراوەتە سەر بینای حکومەت لە گەرمیان

هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن کە زیادەڕەوی کراوەتە سەر بینای حکومەت و ئیجرائاتی پێویست نەکراوە، بەرپرسانی شارەوانیەکانیش دەڵێن ئیجرائات کراوە.

غەریب محەمەد رەشید، هاوڵاتی لە ناحیەی سەرقەڵا، باس لەوە دەکات: «لە ناحیەی سەرقەڵا زیادەڕەوی کراوەتە سەر بینای حکومیش لە ناحیەکە لە سەردەمی بەعس بۆیان دروست کرا وەک بینای کشتوکاڵی ناحیەکە و بینای باخچەی ساوایانی ناحیەکە و بینای بەڕێوبەری ناحیەکە، ئەو زیادەڕەویانەش لە نێوان حەوت بۆ هەشت ساڵ دەبێت کراوە، لەگەڵ ئەوەش هاوڵاتیان مافی خۆیانە، چونکە زەوی دابەشکردن نەماوە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت بژێت».

لە بەرامبەردا، وەسفی عومەر، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی سەرقەڵا، لەمبارەیەوە وتی: «لە نێو ناحیەی سەرقەڵا کە لەسەر بینای حکومەت خانو دروست کراوە لە پێش من بوە ئەوە کراوە و ئیجرائات کراوە لەسەر ئەو بابەتەش ئەوەی ئاگادارىم».

لە هەمان کاتدا، هیوا محەمەد، هاوڵاتی لە قەزای کفری باس لەوە دەکات: «تاوەکو ئێستا نەبوە بینای حکومی بڕوخێنرێت و بکرێت بە خانو بە زیادەڕەوی، بەڵام لە سەردەمی رژێمی بەعس کە شوێنێکی ستراتیژیە و بینای حکومی بوە بە نەخۆشخانەی گەورەی کفری بوە، ماوەیەکە روخێنراوە و پاک کراوەتەوە بۆ شوێنی پارک و بازرگانی، بەڵام هەندێک زانیاری هەن کە ئەڵێن بەرپرس ئەیەوێت دەستی تێبخات».



دیمەنی روخاندنی خانویەکی زیادەڕۆ لە قەزای کەلار

## ٧. هاوڵاتیەک: ئێمە بێ پشت و پەناین بۆیە سزا دراین

بە وتەی هاوڵاتیەک لە قەزای کەلار لەسەر پرسی زیادەڕەوی ١١ خانو روخێنراوە و چەندین هاوڵاتی سزا دراون بە غەرامە کردن، ٣٠ هاوڵاتیش فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوە.

بەشیر سابر، هاوڵاتی لە شاری کەلار، دەڵێت: «هۆکاری روخانی خانوەکانی ئێمە لە گەڕەکی حەمرینی کەلار تەنها هەژاری و بێ پشت و پەناییە و هیچیتر، چونکە کەسانی وا هەیە لە دوای ئێمە دروستیان کردوە ئێستا چیمەنتۆیە ئێمەش بە چینکۆ و بلۆکەوە ئەیانەوێ بیروخێنن، لە کاتێکدا لە ریزی ماڵەکانیش دروست کراوە و سیمای ناوچەکەی تێک نەداوە».

باسی لەوەشکرد: تاوەکو ئێستا ١١ خانومان روخاوە و ٣٠ کەسمان فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوە، ١١ کەسیشمان دەستگیر کران و بە کەفالەت ئازاد کراون و خانوەکانیشیان روخێنراوە، ٣ ملیۆن و ٣٠ هەزار دیناریش غەرامە کراون، بەڵام جارێک پارەکەیان نەداوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: کەسی وا هەیە لەو گەڕەکە ٥ خانوی هەیە کەسێک نیە لێی بپرسێتەوە ناشزانین هۆکاری ئەمە چیە، لەگەڵ ئەوەش دا ئەوانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوە لە دەشت و دەرئەمێننەوە، تەنانەت هاوڵاتی وا مان هەیە لە هەولێر ئەژێت.

سەبارەت بە کاتی دروستکردنی ئەو خانوانەی کە بە زیادەڕەوی دروست کراوە، بەشیر سابیر دەشڵێت: هەندێک لەو خانوانە لە ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ دروست کراوە وە هی واشی تیایە کە هی ئەمساڵ بوە، وە هی واشمان لەگەڵ بوە بە واستە کاتی دروست کردنەکەیان بە کۆن بۆ حساب کردوە نەیان روخاندوە، لەگەڵ ئەوەش کرین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت ئێمە ئەمانەوێ بژین سەردانی پەرلەمان و شارەوانیشمان کردوە بۆ ئەو مەبەستە کە رێگە چارەیەک بدۆزنەوە.

## ٨. هاوڵاتییەک: وەک پێویست ئیجرائات ناکرێت

«ئیجرائات نیە بەرامبەر ئەوانەی کە زیادەڕەوی ئەکەن، بە جۆرێکە کە دەدرێنە دادگا و بانگ دەکرێن بە ٥٠ هەزار غەرامە کردن ئازاد دەکرێن»، غەریب محەمەد رەشید، هاوڵاتی لە ناحیەی سەرقەڵا باس لەوە دەکات.

لە بەرامبەردا، وەسفی عومەر، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی سەرقەڵا لەمبارەیەوە وتی: «لە ماوەی ساڵی رابردو تەنها ٤ کەیسی زیادەڕۆییمان هەبوە و ئاراستەی دادگامان کردوە بۆ ئیجرائات کردن، بڕیارەکان لای ئەوانەوە دەردەچێت».

«ئێمە رێگە نادەین خانوی نوێ دروست بکرێت لە نێو ناحیەکە، پار ساڵ هیچ کەیسێکمان نەبو لە دادگا، بێت لە سەر پرسی زیادەڕەوی، ئەوەشی هەیە یەکەی نیشتەجێبونە»، شاکر عەبد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور وا دەڵێت.

قادر فاتیح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری دەڵێت: «بەردەوامین لە لابردنی زیادەڕەوی لە نێو قەزاکە، بە جۆرێک لە ماوەی یەک هەفتەدا ١٢ زیادەڕەویمان لابردوە، لە ٪٨٠ی ئەو ئاژەڵانەی کە لە نێو شار بەخێودەکران ٣ جێگەمان پێداون کە تێیدا بەخێوی بکەن لە دەرەوەی شار، هاوکات ١٢ هاوڵاتی کە زیاتر لە ٨ ساڵە زەوی شارەوانیان بەدەستەوەیە کە مەروماڵاتی تێدا بەخێودەکەن لە گەڕەکی حەی ئیشتراکی هەمویمان روخاندوە و کردومانە بە باخچە».

وتیشی: لەوەتەی دەست بەکاربوم زیاتر لە ٤٠ دۆنم زەوی بە دەستی هاوڵاتیەوە بوە گەڕاندومانەتەوە بۆ شارەوانی کە کارگەی قیر و دەواجنی لەسەر بوە.

بەپێی ئەو رێنمایانەی کە لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨دا هاتوە کە تایبەتە بە پێشگیریکردن بە زیادەڕەوی سەرەتا کەسی زیادەڕەوی کار ئاگادار دەکرێتەوە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا زیادەڕەویەکی لاببات، ئەگەر نا نوسراو ئاراستەی قایمقامی قەزا و بەڕێوبەری ناحیە و داوکاری گشتی دەکرێت بۆ لابردنی ئەو زیادەڕەویە، هاوکات ئەگەر کەسی زیادەڕەوی کار دژی وەستایەوە ئەوە دەدرێت بە دادگا.

«لە ماوەی ساڵی رابردو سەروی ٨٠ کەیسمان هەبوە و ٤٤ کەسیان فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە و ١١ خانوش روخێنراون، بەپێی دەسەڵاتی خۆمان ئیجرائاتمان کردوە و دۆسیەکانمان ئاراستە داواکاری گشتی کردوە لەوێشەوە بۆ دادگا». ئەکرەم ساڵەح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باسی لەوە کرد.

وتیشی: ئێمە یاسا جێبەجێ دەکەین، هیچ جیاکاریەک نیە لە نێوان هاوڵاتی ئاسایی و دەسەڵاتدار، ئەوانەشی کە خانوەکانیان روخێنراوە هەر نایان ناسین کێن، رەنگە روخانی خانویەک بۆ خانویەکی کە دەستگیرکردنی کەسێک بۆ کەسێکی کە لە روی کاتەوە جیاوازی هەبێت، ئەگەر گومانیان لەوە هەیە دەتوانن سکاڵا بکەن.

هاوڵاتیان بەبەردەوامی رەخنە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکەن لەوەی کە ئیجرائات وەک پێویست ناکرێت لە ئەو زیادەڕەویانەی کە دەکرێت، جیاوازیش دەکرێت لە نێوان هاوڵاتیاندا.

ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: «ئیجرائات کراوە بۆ ئەو زیادەڕەویانەی کە دروست کراون لە دوای ئەو یاسایەی کە دەرکراوە ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨وە لە ماوەی ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠، (٥) شوێنی زیادەڕەوی لابراون لە نێو ناحیەکە بەبێ جیاوازی».

**"لە کاتی کەرەنتینە کە حکومەت وەک پێویست لە کار نەبو لە کۆمەڵێک گەڕەک خەڵک دەستی دایە زیادەڕەوی خانو لە نزیکەی مانگێک سەروی ٣٠ خانو دروست کرا"**

## ٩. بەشێک لە گەڕەکی قەزاکانی گەرمیان بە زیادەڕەوی دروست کراون

ئەکرەم ساڵەح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باس لەوە دەکات: دیاردەی زیادەڕەوی لە کەلار لەم دواییانەدا بەتایبەتی لە کاتی کەرەنتینە سەریهەڵدا کە حکومەت وەک پێویست لە کار نەبو، لە کۆمەڵێک گەڕەک خەڵک دەستی دایە زیادەڕەوی خانو لە نزیکەی مانگێک سەروی ٣٠ خانو دروست کرا، زیاتریش لە دو گەڕەک بون ئەوانیش (حەمرین و سیروان) بون، سێ بەشی شاری کەلار بە زیادەڕەوی دروست کراوە، بە جۆرێک لە ١٠ گەڕەک پێکهاتوە.

دەشڵێت: زۆرترین ئەو زیادەڕەویانەی کە کراون خانون، دوای ئەوەش زیادەڕەویەکانی سەر شەقام و شۆستەکانن، لەگەڵ ئەوانەی کە لە نێو کۆڵانەکان بۆ بەخێوکردنی مەر و ماڵات کراوە، لەگەڵ دروستکردنی باخچە، یانەی شێروانەش زەوی شارەوانی بەدەستەوەیە، بەڵام ئەمە بۆ شەخسی نیە، بەڵکو بۆ ناوچەکەیە، چونکە یانەی شێروانە مولکی هەمو گەرمیانە.

هاوکات، قادر فاتیح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری دەڵێت: «لە قەزای کفری ٢ گەڕەکمان هەیە بە زیادەڕەوی دروست کراوەکە نوێ نیە و لە سەردەمی شەستەکان دروست کراون، ئێستاش بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٩ کار دەکەین بۆ تاپۆ کردنیان، قەزای کفری تاکە قەزایە کە زیادەڕەوی تێدا کەمە و ئەوەی دەوترێت لەسەر پرسی زیادەرەوی لە قەزاکە دورە لە راستیەوە».

ئەکرەم رەزا، بەڕێوبەری تاپۆی گەرمیان وتی: «ئەو گەڕەکانەی کە بێ تاپۆن و بە زیادەڕۆی دروست کراون لە گەرمیان بە قەزا و ناحیەکانەوە تاوەکو ئێستا هیچ شتێکمان بۆ نەهاتوە بۆ تاپۆکردنی».

وتیشی: هۆکارەکەی ئەوەیە تاوەکو ئێستا لە لایەن شارەوانیەکانەوە کاری ئیفرازکردنی بۆ تەواو نەکراوە، تاوەکو دەست بە کارەکانی تاپۆکردن بکرێت.

## ١٠. ئەو هاوڵاتیانەی خانوەکانیان بەر پرۆژەی شارەوانی دەکەوێت قەرەبو دەکرێنەوە

سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێت: ئەو هاوڵاتیانەی کە خانوەکانیان لە نەخشــەی گەڕەکەکانیان بەر پرۆژەی شارەوانی دەکەوێت ئەوە قەربو دەکرێنەوە لە کاتی تاپۆکردنیاندا.
ئەکرەم سـاڵەح، سـەرۆکی شـارەوانی کەلار باس لـەوە دەکات: «ئەو زیادەڕویانەی کە دروست کراون لە گەڕەکەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەعس و پێشتر، لە ئێستاشدا بە پێی یاسای ژمارە ٣ی سالّی ٢٠١٩ سەرقاڵی دیزاینکردنی نەخشەین بۆ ئەوەی تاپۆ بکرێن، ئەگەر هەر خانویەک بە پرۆژەی شارەوانی بکەوێت، چونکە بە نارێکی دروسـت کراون بەشـێکیان ئەوە قەرەبو دەکرێنەوە بە پارچەیەک زەوی».
وتیشـی: بەپێـی ئەو لیژنەیـەی کە تایبەتە بـەو کارە لە ٪٧٠ی ناگونجێت لەگەڵ نەخشەدا.

## ١١. بە شێک لە ناحیەکانی گەرمیان بە زیادەڕەوی دروستکراوە

«ناحیەی سەرقەڵا لە کۆنەوە دروست بوە و ماڵمان هەیە تاپۆیە و هەشمانە زیادەڕەویە، نزیکەی ١٠٠٠ ماڵن، ئەوەی بە زیادەڕەوی تەواو بوە چاوەڕوانی نەخشـەکەین تەواو ببێت بۆ ئەوەی دەسـت بـە مامەڵەکانی تـری بکەین بۆ تاپۆکردنی بەپێی یاسـای ژمارە ٣ی سـاڵی ٢٠١٩ «. وەسفی عومەر، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی سەرقەڵا لەمبارەیەوە وتی.
وتیشــی: بۆ رێگەگرتن لە زیادەڕوی بـە پێی فەرمانی بەڕێوبەری ناحیە هەر بارێکی پێداویستی خانوبەرە کە دێتە ناحیەکە دەبێت رەزامەندی شارەوانی هەبێت لە بازگەکان کە دێت.
لە هەمان کاتدا، شاکر عەبد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور، دەڵێت: ناحیەی باوەنور لەسەردەمی زو دروست کراوە و نە وێنەی تۆماریان هەیە نە «سورەت قەید» هەموی بە زیادەڕەوی دروست کـراوە تەنهـا یەک پارچە زەوی تاپۆی هەیە ئەویش ژمارە ٤١ـە وا تـازە رێـک ئەخرێنەوە و کراون بە ٥ بەش بۆ ئەوەی مەسـاح بکرێـت، بەمزوانە تەواو ئەبێت و ئەگەر نەخشـەدانان پەسـەندی بکات ئەوە ئاراسـتەی بەڕێوبەرایەتی تاپۆ ئەکرێت بۆ تاپۆکردنی، ئەگەرچی باوەنور نەخشـەی هەیە، بەڵام هەندێک ماڵ بە نارێکی دروست کراون».
کەمـال عەلـی سـابیر، بەڕێوبـەری ناحیەی سـاڵەح ئاغـا وتی: «ناحیەی سـاڵەح ئاغا لە سـێ گەڕەک پێکهاتـوە و کاتی خۆی بە زیادەڕەوی دروست نەکراوە و پێش دروسـتبونی شارەوانی لە سـاڵی ٢٠١٣ لایەن ئیـدارەی گەرمیانەوە بۆ کۆنوسـێک رێگە بە هاوڵاتیـان دراوە کە خانو دروست بکەن، تەنانـەت خەڵکی وای تیایە سودمەند بوە لە پێشینەی خانوبەرە».
وتیشـی: بۆ پار سـاڵ لە سـنوری شـارەوانی هیچ زیادەڕەویەک تۆمار نەکراوە، بەڵام لە دەرەوەی سنوری شارەوانی ئەو زەویانەی کە کشـتوکاڵ دەسـتی لێهەڵگرتوە و تاوەکو ئێستا نەبوە بە هی شارەوانی و لە قۆناغی کوژاندنەوەیە کە ٢ هەزار و ٣٦ دۆنم زەویە زیادەڕەوی کراوە و باخ و سیاج و بیرلێدان هەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەو شێوەیە نیە کە هاوڵاتیان باسی لێوە دەکەن.
باسـی لەوەشـکرد: ئیجرائاتـی ئێمە بـە پێی یاسـای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨ سەرەتا ئاگادار دەکرێنەوە کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر زیادەڕەویەکـەی لابەرێت، ئەگەرنا بە نوسـراو ئاراسـتەی یەکەی ئیـداری و داوکاری گشـتی دەکرێت بۆ روخاندنـی، ئەگەر رێگری بکات ئەوە دەدرێت بە دادگا.
لە بەرامبەردا، بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشـتی شـارەوانیەکانی گەرمیان، دەڵێت: پرسـی زیادەڕەوی لە نێو ناحیەکانی گەرمیان دەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵانی نەوەدەکان و پێشـتر وە بەم سـاڵانەی دوایەوە، بەڵام لە سـاڵی ٢٠١٨ یاسـایەک دەرکرا بۆ نەهێشـتنی زیادەڕەوی کە ژمارە ٣یە، ئەمە وای کردوە حاڵەتەکە کەم ببێتەوە و ئەوەشی دەکرێت یەکەی نیشتەجێبونە.
«ناحیـەی رزگاری گەڕەکـی نیە بە زیادەڕەوی دروسـت کرابێت، بەڵکـو ماڵـە و لـە نێوبەینی ئـەو ماڵانەی کە هـەن کاتی خۆی لـە سـەردەمی نەوەدەکان کراوە کە ژمارەیـان ١٦٧ ماڵە، لەگەڵ ئەوەشـدا جێگـەی دیکەمان نیە بە زیادەڕەوی دروسـت کرابێت، جگە لەو ٧ بەنزینخانانەی کە لەسەر رێگەی ناحیەکەن ئەوە هیچ مامەڵەیەکیان نەهاتوەتە لای ئێمە و ناشزانین کێ رێگەی پێداون کە دایبنێن». ئەرسـەلان ئەحمەد، سـەرۆکی شـارەوانی ناحیەی رزگاری وا دەڵێت.
باسـی لەوەشـکرد: لە سـەردەمی ئێمـە هیچ یاریگایـەک نیە بە زیادەڕەوی دروست کرابێت، وەک باسی لێوە ئەکرێت.

## ١٢. زیادەڕویەکان تەنها لە یەکەی نیشتەجێبوندا نەماوەتەوە

ئەندامێکـی ئەنجومەنـی پارێـزگای سـلێمانی دەڵێـت: ئـەو زیادەڕەویانەی کە دەکرێت لە گەرمیان لە یەکەی نیشـتەجێبوندا نەماوەتـەوە، بەڵکـو لـە بـازاڕ و بەنزینخانـە و یاریـگاش خۆی دەبینێتەوە.
کەریـم عەلی، ئەندامـی ئەنجومەنی پارێزگای سـلێمانی، دەڵێت: «زیادەڕەویـەکان تەنها یەکەی نیشـتەجێبون نیە، بەڵکو دوکان و بازاڕ و بەنزینخانە و یاریگان، ئەوانەشـی ئەوە دەکەن کەسـانی دەستڕۆشتون کە بەو کارە هەستاون».
دەشـڵێت: تەواوی گەرمیان لە سنوری شـارەوانیەکان زیادەڕەوی تێدا کراوە، ئەگەرچی ئێستا زیاتر لە زەوییە کشتوکاڵیەکاندا زۆر زەق بوەتەوە.

## ١٣. چالاكوانێك: پرسی زیادەڕەوی زیادی كردوە و یەكە ئیدارییەكانیش تەنها كار بەڕێكەرن

چالاكوانێـك دەڵێت: پرسـی زیـادەڕوی لەم سـاڵانەی دوای زۆر زیادی كردوە و كەسـانی ئاسـایش ناتوانن ئەو كارە بكەن، یەكە ئیدارییەكانیش لێرە هەر كاربەڕێكەرن.
ئاراز محەمەد، چالاكوان لە گەرمیان، لە بارەی پرسی زیادەڕەوییەوە لە سـنورەكە دەڵێت: «زیادەڕەوی لەماوەی ئەو ٣ سـاڵەی دوای پەرەی سـەندوە بە جۆرێك كەسانی ئاسایش ناتوانن ئەوە بكەن، یان ئەوەیە كەسـێكی دەسـت ڕۆشـتوە یان ئەوەتا كەسـێكی لە پشـتە، لە سـنوری شـارەوانیەكانیش پەرەی سـەندوە، هۆكاری ئـەوەش لایەنە ئیدارییەكانی لێرە هەر كاربەڕێكەرن و ناتوانن ڕێ لە زیادەڕەوی بگرن لە سنورەكە، هۆكاری ئەمەش رون نیە، ئایە لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی و ئیلاقاتی شەخسی خۆی بێت؟ یان تاوان و دەسەلاتی بەسەردا ناشكێت؟ ئەمە رون نیە».
لە گەرمیان داگیركردنی زەوی و دەسـتبردن بۆ موڵكی گشـتی لە زۆرنـی سـەوز زۆر زەق بوەتەوە بە جۆرێـك بەرپرس لە بەرزایی بەردە سـور زەوی شـارەوانی داگیركردوە و بینای لەسەر دروست كردوە تاوەكو ئێستا ئیجرائات نەكراوە.
ئاراس محەمەد وتی: لە ملەی بەردە سـور مەسـئول هاتوە زەوی داگیركـردوە و بینـا و كۆشـكی لـێ بنیـات ناوە یەك كەسـیش ناتوانێـت ڕێگەی لێبگرێت، بەڵام ئەمە بۆ هاوڵاتیەكی هەژار تەواو پێچەوانەیە«.
ئەندامێكـی ئەنجومەنـی پارێـزگای سـلێمانی، ئەوە پشتڕاسـت دەكاتەوە كە یەكە ئیداریەكان لە سنوری گەرمیان بە كاری خۆیان هەڵنەستاون لە پرسی زیادەڕەویدا.
كەریـم عەلـی، ئەندامـی ئەنجومەنی پارێزگای سـلێمانی دەڵێت: زیادەڕەوی لە سنوری شارەوانیەكان و بەدەر لە شارەوانیەكانیش بە شێوەیەكی بەرچاوبونی هەیە و شێوازێكە لە چاو ساڵانی رابردو زیاترە و جیاوازترە و گەشـتوەتە ئاسـتێك كە دەزگا ئیدارییەكان وەك پێویسـت رۆڵی خۆیان نابینن، چونكە هەندێك كەس بەدەر ئەكرێـن لە شـێوازی ئیجرائاتـەكان، لە بەرامبەریشـدا كۆمەڵێك كەسی هەژار هەن روبەڕوی دادگا ئەكرێنەوە«.
وتیشـی: هۆكاری ئەمەش ئەوەیە لە سـاڵی ٢٠٠٦ تاوەكو ئێسـتا زەوی دابـەش نەكراوە بەسـەر هاوڵاتیاندا و ئەوانیش پێویسـتان بەوەیە.
ئەندامێكـی پەرلەمانـی كوردسـتان دەڵێـت هـۆكاری زۆری زیادەڕەویـەكان بەتایبەت یەكەی نیشـتەجێبون دابەشـنەكردنی زەوییـە و داوایـان كـردوە لە وەزارەتـی شـارەوانی و پەرلەمان كە دەسـت بە دابەشـكردنی زەوی بكرێتەوە لە تەنیشـی پرۆژەی وەبەرهێنـان «ئەو زیادەڕەویانەی كە هەیە جۆراو جۆرە بەتایبەت یەكەی نیشـتەجێبون، یەكێـك لە هۆكارەكانی زیادبونی پرسـی زیـادەڕەوی لە ئێسـتا لە سـنوری شـارەوانیەكان ئەوەیە كە بۆ ماوەی ١٥ ساڵە حكومەتی هەرێمی زەوی دابەش نەكردوە بەسەر هاوڵاتیانـدا و هەمـوی بـوە بـە پـرۆژەی وەبەرهێنـان و ناتوانن بەشداربن لێی، ئەوانەشی كە زیادەڕوی ئەكەن زۆرێكیان هاوڵاتیانی كەم دەرامەتن». رزگار محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان و یەكێك لە ئەندامانی لیژنەی زیادەڕەوی لە پەرلەمان وتی.
دەشڵێت: داواشمان كردوە كە زەوی ئیفراز بكرێت و دابەشبكرێت لەلایەن وەزارەتی شارەوانیە.

> «ئەو یاسایەی كە تایبەتە بە زیادەڕەوی لەلایەن پەرلەمانەوە دەركراوە یاسایەكی توندە و لەگەڵ ئەوەشدا وەكخۆی جێبەجێ ناكرێت، زیاتریش بۆ كەسانی كەمدەرامەتن كە زیادەڕەوی ئەكەن و پێویستیان بە یەكەی نیشتەجێبونە»

## ١٤. یاسای زیادەڕەوی وەكخۆی جێبەجێ ناكرێت

لەلایـەن پارلەمانی كوردسـتانەوە یاسـاییكی تایبەت بە پرسـی زیادەڕوی دەركراوە كە یاسـای ژمارە ٣ی سـاڵی ٢٠١٨یە، لایەن چالاكوانـان و ئەنـدام پەرلەمان و ئەندامـی ئەنجومەنەوە تێبینی لەسـەر بەجۆرێك وەكخۆی لە سـەر پرسـی زیادەڕەوی جێبەجێ ناكرێت لە نێو ئەو كەسانەی كە زیادەڕەوی دەكەن.
ئـاراز محەمەد، چالاكوان، دەڵێت: «یاسـا بوە بە یاسـای حزبی و حكومەت یاری پێدەكات بە ویسـتی خۆی، ئەو كەسانەشـی لە پۆستە ئیدارییەكانن دەسەڵاتی تەواویان بەسەرەوە نیە، جیاوازی دەكرێت لە جێبەجێكردنی بەسـەر ئەو كەسـانەی كە زیادەڕەوی دەكەن بەجۆرێك زیاتر بۆ كەسانی هەژارن».
دەشـڵێت: لە ساڵەح ئاغا تاوەكو دەوروبەری شاری كەلار هەموی كراوە بە باخ و ڤێلا كەسـێك نیە بپرسـێت ئەمە بۆ، لە كاتێكدا هەمو ئەو حزبانەی كە دەسەڵاتیان لێرەیە لە ناو بینای تەجاوزن، ئیتر چۆن ئەتوانن رێگە بگرن».
هـاوكات، كەریم عەلـی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سـلێمانی دەڵێـت: «ئەگـەر یاسـای ژمـارە ٣ی سـاڵی ٢٠١٨ وەك خۆی جێبەجێ بكرێت ئەوە ٪٩٠ی پرسەكە كەم دەكاتەوە و رێگەی لێ دەگرێت، چونكە یاساكە كۆمەڵێك مادەی تیایە كە حاكمەكانیش ئەڵێن یاسـایەكی توندە لەبەر ئەوەی كەفالەتی تیا نیە غەرامەی تیایـە ولـە ٣ ملیۆنـەوە بۆ ١٥ ملیۆنە، بـەڵام وەكخۆی جێبەجێ ناكرێت، داواكاری گشـتیش وەك پێویسـت كاری لەسەر ناكات و دڵخـۆش نیـن بە دەرئەنجامی داواكارییەكان كە دەیكەین لەسـەر زیادەڕوی.
«ئەو یاسایەی كە تایبەتە بە زیادەڕەوی كە لەلایەن پەرلەمانەوە دەركراوە یاسـایەكی توندە و لەگەڵ ئەوەشـدا وەكخۆی جێبەجێ ناكرێت، زیاتریش بۆ كەسانی كەمدەرامەتن كە زیادەڕەوی ئەكەن و پێویستیان بە یەكەی نیشتەجێبونە، نمونەی ملەی بەردەسورمان هەیە كە تەنانەت كەس ناتوانێت نزیكەی ئەو تۆڕی ئاوەش بكەوێ كـە لەوێیـە«. رزگار محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی كوردسـتان و یەكێك لە ئەندامانی لیژنەی زیادەڕەوی لە پەرلەمان وتی.
باسی لەوەشكرد: لە پەرمانەوە زۆر هەوڵماندا كە ئەم یاسایە بەم شێوەیە نەبێت، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، لە ئێستادا تەمەنـی خۆی تـەواو كردوە و لە هەمواردایـە و هەڵمان داوە كە وابكەیـن ئـەو گرفتانەی كە هەیە چارەسـەر بكرێن، لە ئێسـتادا یاسـایەكی دیكەمان لە بەردەسـتە بۆ خاوەندارێتی كردنی زەوییە زیادەڕەوییەكان و كاری لەسەر ئەكرێت.

## ١٥. نەخشەدانانی گەرمیان رەخنە ئاراستەی شارەوانیەکان دەکات

بەڕێوبەری نەخشەدانانی گەرمیان رەخنە ئاراستەی شارەوانیەکان دەکات لەوەی کە پرسی زیادەڕەوی بەردەوامی هەیە و کاری کردوەتە سەر کارەکانیان بە جۆرێک کە نەخشەیەک دروست دەکرێت و پەسەند دەکرێت، لەلایەن هاولاتیانەوە زیادەڕەوی دەکرێت و ئیجرائات ناکرێت و نەخشەکەیان تێک دەدات.

کاروان محەمەد، بەڕێوبەری نەخشەدانانی گەرمیان، دەڵێت: «هیچ گەڕەکێک نەماوە لە کەلار کە نەخشەی بۆ نەکرابێت کۆتا گەڕەک (ئەلە و محە) بو، تەنها یەک گەڕەکمان هەیە ئەویش بەشێک لە فەرمانبەرانە کە بە (حەی مانگا) ناسراوە ئەوە لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی ناگونجێت و ناتوانین نەخشەی بۆ دروست بکەین».

هێمای بۆ ئەوەش کرد: بۆ پرسی زیادەڕەوی ئێمە لە ئێستا هیچ نەخشەیەکمان لە بەردەستدا نیە جگە لە کەلار، بەڵام گەورەترین گرفت کە روبەڕوی ئێمە ئەبێتەوە کە نەخشەی ئەو گەڕەکانە پەسەند ئەکرێت کە دەزانن سنوری ئیفرازکردنی ئێمە کوێیە دەست ئەکرێت بە زیادەڕەوی و نازانم بۆ بۆیان ئەچێتە سەر و بۆ رێگری ناکرێت، بەجۆرێک ئێستا زیاد لە ٧٠ حاڵەتم لایە لە گەڕەکی حەمرین کە دروست کراوە و نەخشەکەی تێکداوەتەوە، تاوەکو ئێستاش هیچ بەرپرسێک ئیجرائاتی یاسای لەگەڵ نەکراوە دەرهەق بە ئەو زیادەڕەویانەی کە لە سنوری شارەوانیەکان ئەکرێت.

وتیشی: بۆ ناحیەکان تاوەکو ئێستا لەلایەن ناحیەکانەوە هیچ داواکاریەکی نەخشەمان بۆ نەهاتوە، لە کۆبونەوەی وەزارەتیش باسمان لەوە کردوە کە هیچ داهاتێکمان نیە تاوەکو بتوانین کارەکانمان رایی بکەین، هەر بەو هۆیەشەوە بڕیاردراوە کە لە ١٪ی داهاتی ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی کە دێتە لامان بۆ نەخشەدانان بێت.

## ١٦. بەرپرسانی گەرمیان: لەپرسی لێپێچینەوە لە زیادەڕۆی جیاوازی لە نێوان هاوڵاتیان ناکەین

بەرپرسانی سنوری گەرمیان باس لەوەدەکەن کە بەپێی یاساو رێنماییەکان لێپێچینەوەیان کردوە، باس لەوەش دەکەن کە جیاوازیان نەکردوە لە نێوان هاوڵاتیاندا و نمونەش بەوە دەهێننەوە چەندین کەیسیان لە دادگایە.

شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار باس لەوەدەکات: «بەپێی رێکارەکان و یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨ سەرەتا کارەکان لە شارەوانیەوە دەست پێ دەکات و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دەبێت ئەو زیادەڕۆییەی کە هەیە دەبیت لاببرێت، دوا بەدوای ئەوە ئەگەر لای نەبات بەنوسراوی فەرمی دێتە لای ئێمە بۆ رێکاری یاسایی، کە ئارستەی داواکاری گشتی دەکرێت، هەر بۆیە لە بونی هەر زیادەڕەویەک لێپێچینەوە کراوە و کەیسیشمان هەیە لە دادگا».

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو ئامارانەی کە هەن لەسەر پرسی زیادەڕەوی راستەوخۆ پەیوەندی بە ئیدارەوە هەیە، رەنگە بۆ راگەیاندنەکان نەبێت.

سەبارەت بەوەی کە لیپێچینەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتداران نیە کە زیادەڕەوی دەکەن، قایمقامی قەزای کەلار، وتیشی: ئەو زیادەڕۆییەی کە کراوە بۆ یەکەیەکی فەرماندەی بوە و لەسەردەمی سەرپەرشتیاری پێشوی ئیدارەی گەرمیان کە بانگ کرا، باس لەوە کرا کە ئەمە جێگەیەکی شەخسی نیە، وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شوێنانەی کە لەسەنتەری شاری کەلارن و حزب زیادەڕەوی کردوەتە سەری ئەوە ئیشی شارەوانیە و دەبێت ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەو بکرێت.

لە بەرمبەردا، ئەکرەم ساڵەح سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی: «ئەو زەویانەی کە بە دەستی حزبەوەیە و موڵکی شارەوانیە لە کۆنەوە هەبوە و بوە بە بارەگایان، وە هەندێکیشی گەڕاوەتەوە بۆ شارەوانی و هەندێکیشی ماوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨ هیچ زیادەڕەویەک نەکراوە لەلایەن حزبەوە تا بروخێندرێت».

جەختی لەوەشکردەوە: ئەو بینایەی کە لەبەرزایی بەردەسور کراوە لە لایەن بەرپرسێکەوە موڵکی شارەوانی نیە.

هاوکات، جەلال شێخ نوری، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان وتی: «پرسی زیادەڕەوی لە سنوری شارەوانیەکان وەک ئەوەی باسی لێوە دەکرێت بەو جۆرە نیە و ئێستا کەمی کردوە، ئەوەی کراوە هی ساڵانی پێشوترە».

باس لەوەشدەکات: لەم چەند مانگەی پێشتر زیادەرۆیی هەبوە و لێپێچینەوەش کراوە، تەنانەت چەندین جێگە روخێنراوە و چەندین کەیسیشمان لە دادگا هەیە دوای ئەو رێکارانەی کە لایەنە ئیداریەکان ئەنجامیان داوە.

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، دەشڵێت: هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان هاولاتیان بۆ لێپێچینەوە کردن و رێنمای و یاسا وەک یەک جێبەجێ دەکرێت.

لەبارەی ئەو موڵکانەی شارەوانی کە لای حزبەکانە، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، دەڵێت: ئەو شوێنانەی کە باسی لێوە دەکر

ئێت بە دەستی حزبەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆمەڵێک رێنمای هەبو هەندێک شوێن گەڕایەوە بۆ شارەوانیەکان، بەڵام دوابەدوای ئەوە رێکارەکان وەستان وە ناشزانم هۆکارەکەی چیە .

# بەشی دوەم: دەرئەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرئەنجام

١. زیادەڕەویی لە زەویەکانی شارەوانی، یەکێکە لە دیاردە زەقەکان، ئەمەش میژووەکەی کۆنە و هەندێکی بۆ سەردەمی رژێمی بەعس و هەندێکی تریش بۆ دوای راپەڕین دەگەڕێتەوە.
٢. لە دوای راپەڕین و پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، هەست بە تەشەنەسەندنی دیاردەکە دەکرێت، بەشێوەیەک تائێستا بە فەرمی ٢٢ گەڕەکی زیادەڕۆ هەیە لە سنوری گەرمیان سەرباری ئەوەی لەهەندێک ناحیەدا زیادەڕەویەکان بە گەڕەک نیە و پەرش و بڵاوە.

٣. نەبونی یاسای گونجاوی تایبەتمەند، هەروەها لاوازیی لێپێچینەوەی ئیداریی، لەگەڵ بونی قەیران و کێشەی نیشتەجێبون و خراپی دۆخی دارایی هاوڵاتیان لەگەڵ قۆستنەوەی ئەم پرسە لەلایەن کەسانی هەلپەرست کە بەرپرسی حزبی و حکومیش تێوەی گلاون، لە هۆکاری ئەوەن کە دیاردەی زیادەڕەویی بەرفراوانتر بێت.

٤. سەرباری دەرکردنی یاساییەک لە ساڵی (٢٠١٨) بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشەی زەویە زیادەڕۆکان، بەڵام هێشتا ئەم یاسایە بە باشی جێبەجێنەکراوە و خەڵکیش بەتەواوی سودیان لێی نەبینیوە. هەروەک خودی پارلەمنتارانیش باس لە پێویستیی هەموارکردنەوە و پێداچونەوە بە یاساکە دەکەن.
٥. ئەگەرچی بەرپرسان رەدی دەکەنەوە، بەڵام وەک هاوڵاتیان جەختی لێدەکەنەوە و ئەوەشی کە بەرچاوە، جیاکارییەک بونی هەیە لە مامەڵەکردن لە رێگەدان بە ئەنجامدانی زیادەڕەوی، ئەم جیاکاریەش بە بونی واستە و پاڵپشتی حکومی و حزبی زەقتر دەبێتەوە.

٦. بونی مەرکەزیەت لە بڕیارە کارگێڕیەکان، وایکردوە تایبەتمەندی ناوچەکان رەچاو نەکرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی رێوشوێنەکانی روبەڕوبونەوەی دیاردەی زیادەڕۆیی لە گەرمیان لاواز بن.
٧. هەست بەوەناکرێت کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بڕیارێکی بنەڕەتیی و هەماهەنگیەکی تەواو و یەکدەستییان هەبێت لە بەرەنگاربونەوەی زیادەڕەوی، بەڵکو هەر نەبونی ئەم هەماهەنگی و یەک بڕیارییە وایکردوە حاڵەتەکانی زیادەڕەویی پەرە بسێنن.

٨. بەشی زۆری ئەو هاوڵاتیانەی بە تەجاوز یەکەی نیشتەجێبونیان دروستکردوە یان کڕیوە، کەسانی کەمدرامەت و هەژارن، ئەمانەش بەهۆی نەبونی رێگە چارەی دیکە بۆ رزگاربون لە بارگرانی کرێچێتی پەنایان بۆ ئەم حاڵەتە بردوە. لەبەرامبەردا هەست بەوەناکرێت ئەنجامدانی رێکارەکانی وەکو دابەشکردنی زەوی و دروستکردنی پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبون، زۆر سودی بەم توێژە گەیاندبێت کە رۆژ بە رۆژ ژمارەیان زیاد دەکات، ئەمەش وایکردوە دیاردەکە زیاد بکات نەک کەم، هەتاوەکو چارەسەرێکی بنەبڕی ئەمەش نەکرێت، چاوەڕێ دەکرێت زیادەڕەویی بەردەوام بێت.

## دوەم: راسپاردەکان

١. پێویستە حکومەت بە هەردو ئاستەکەیەوە (ناوخۆیی و مەرکەزی)، بەجدیتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکات، ئەویش لە رێگەی دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو و نوێ بە پاڵپشتی پارلەمان و دەزگای دادوەریی، ئەمەش بە گفتوگۆ و راگۆڕینەوە.
٢. هەوڵی دەرکردنی یاسای نوێ یان هەموارکردنی یاسای تایبەتمەند بدرێت، چونکە بونی بۆشایی یاسایی یان نەبونی یاسای تەواو و بێکەموکورتیی، مەرجە بۆ سەرگرتنی هەر هەوڵێکی بەرەنگاربونەوەی زیادەڕۆیی.

٣. برەودان بە لامەرکەزیی لە کۆی بڕیارەکاندا و لەنێویاندا ئەوەی پەیوەستە بە پرسی زیادەڕەویەوە، پێویست و گرنگە، وادەکات ناوچەکان باشتر دەستیان بەسەر کێشەکەدا بشکێتەوە و باشتر هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، بەپێی گونجاویی و شیاویی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی.

٤. پێویستە لێکتێگەیشتن و هاوکاری نێوان دەزگا حکومیەکانی پەیوەست بەم پرسەوە بەهێز بکرێت، ئەمەش لە رێگەی کۆبونەوە و دۆزینەوەی میکانیزم و رێوشوێنی گونجاو و رەواندنەوەی هەر تەمومژ و بەدحاڵی بونێک.

٥. گرنگە حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لیژنەیەکی باڵا پێکبهێنێت بۆ روبەڕوبونەوەی دیاردەی زیادەڕۆیی، بە بەشداریی سەرجەم لایەنەکان و دەرفەت دان بە چاودێریی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان و کۆمەڵی مەدەنی. کاری ئەم لیژنەیە داڕشتنی پلانی بەرەنگاربونەوەی زیادەڕۆیی و هەروەها چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی بێت.

٦. بەمەبەستی بنبڕکردنی هۆکارە سەرەکیەکەی زیادەڕەویی کە نەبونی شوێنی نیشتەجێبونە بۆ کەسانی کەمدرامەت، پێویستە حکومەت هەوڵ بدات چ بە دابینکردنی زەوی و چ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبون بە نرخی گونجاو، دەستپێشخەریی و هەنگاوی هەبێت.

٧. حکومەت پێویستە وەک یەک و بە یەک ئاست مامەڵە لەگەڵ زیادەڕەویەکان و کەسانی زیادەڕۆکاردا بکات، نەک بە جیاوازیی و رەچاوکردنی واستە و پاڵپشتی، بۆ ئەمەش دروستکردنی لیژنەی تایبەتمەند لەسەر بنەمای پیشەیی بون و پابەندبون بە یاسا، پێویست و گرنگە.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. رێناس ساڵح

بۆ پەیوەندی

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodeng.net